


# ریشا بەرگری لە گشت ئەکتەرەک

زۆر لە ئەکتەران و بەتایبەتی خانمان بە هەندێك ڕۆڵ ڕازی دەبن کە ڕەنگە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەر ناوبانگیان هەبێت. ئەکتەری بۆلیۆد ریشا تشاد دژی ئەم بیرۆکەیە وەستاوەتەوە و ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکە بە ناوی (شاکیلا) کە باس لە ژیانی یەکێك لە ئەکتەرە ناسراوەکانی فیلمەکانی پۆرن لەسەر ئاستی جیهان بە ناوی (شاکیلا) دەکات.
لە بارەی فیلمەکە ریشا لە دیمانەیەکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی (IANS) گوتی: ڕێزنەگرتن لە هەر ئەستێرەیەکی سینەمایی گەورە و ناساندنی بە ئەستێرەی فیلمەکانی (پۆرن) نیشانەیەکی ئاشکرای کۆمەڵگەیەکی دووڕوو و باوکسالارە کە بە هیچ شێوەیەك یەکسانی تێدا نییە، لە هەمان کاتدا بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە سیستمی باوکسالاری بە تەواوی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە ڕێز لە کەسایەتی و ئەستێرەکانی نەگرێت، بۆ نموونە ڕێزنەگرتن لە کەسێکی وەك (شاکیلا)، چونکە ئەو بەشێکی سەرەکیی ئەو فیلمانەیە کە بابەتەکانی بۆ گەورەکانن.
لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی دووڕوویی لە ڕەوشتی کۆمەڵگەدا وتی: گشت فیلمەکان بۆ کەسانی بەتەمەن و پێگەیشتوو بەرهەم دەهێنرێن بە هۆی بوونی بازاڕێکی گەرم بۆیان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا کە بە تەواوی باوکسالاری



# شەزا حەسون پێش شوو بکات جیابۆوە

چەند ڕۆژێك بەر لەوەی کچە گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسون ژیانی هاوسەریی پێك بهێنێ، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، ئەمەش جەماوەری تووشی سەرسوڕمان کرد و بە گومانەوە باسی بوونی پلانێکی لەو جۆرەیان کرد کە شەزا بچێتە ژیانی هاوسەرییەوە.
شەزا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ بەرنامەی mbctrending و لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە مەیدانی هونەر وتی: هۆکاری سەرەکی دوورکەوتنەوەم لە ماوەی داهاتوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدا بووم، بەڵام بابەتەکە تەواو نەبوو و کۆتایی هات و ئەنجامی نەبوو، چونکە هەستم کرد، ئەو کەسە بۆ من گونجاو نەبوو و ئەگەر ژیانی هاوسەریشمان پێکهێنابا، سەرکەوتوو نەدەبوو و تا کۆتایی لەگەڵ یەکتر نەدەبووین و جیادەبووینەوە.
شەزا هەر لە میانەی بابەتی ژیانی هاوسەرگیری وتی: وەك هەر کچێك منیش حەزم دەکرد ئیتر جێگر بم و لەگەڵ کەسێکی گونجاودا ژیانی هاوسەری پێك بهێنم، بەڵام ئەم کارە نەبوو، هەرچەندە پلانێکم هەبوو لەم دواییە ئەویش کۆتایی هات، بێ ئەوەی بە ئامانجمان بگەین..
ئەم وتانەی شەزا بۆ جەماوەرەکەی مایەی شۆك بوون، چونکە لە هەواڵەکان تەنانەت شوێنی ئاهەنگەکەشیان ڕاگەیاندبوو کە لە وڵاتی مەغریب بوو.



## ـــــان دەکات

تێیدا زاڵە، هەمیشە راستییەکان پێچەوانە دەکرێنەوە، بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئافرەتانەوە هەیە.

هەر سەبارەت بە فیلمەکەی یشا وتی: دەربارەی ژیانی شاکیلا خەڵك مشتومڕێکی زۆری نایەوە و زۆریش باسیان کرد و بە ئەستێرەی فیلمە رووتەکان ناسرا، لە کاتێکدا وانەبووە، بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەو کەسانەی ئەو نازناوەیان پێ بەخشیبوو، گشت فیلمەکانیانی بینیبوو، کاتێك سەیری فیلمەکە دەکەیت، ئەو راستییانەت بۆ روون دەبێتەوە کە زوڵمی زۆریان لێی کردووە، بۆیە حەز دەکەم فیلمەکە ببینن، ئینجا بڕیار بدەن.

# کلۆی کارداشیان تووشی شۆک بووە

بەر لە دوو مانگ میدیاکان ئەستێرەی تەلەفزیۆن کلۆی کارداشیانیان تووشی شۆك کرد، کاتێك هەواڵی ناپاکیی تریسیان تۆمبسۆنی خۆشەویستەکەیان بڵاو کردەوە، هەرچەندە پێشتر چەند زانیارییەکی دەربارەی ئەم کارەی تریسیان بەر گوێ کەوتبوو، بەڵام بەڵگەی تەواوی نەبوو لەسەر ئەو کارەی خۆشەویستەکەی.

خانەوادەی کلوی پێشتر ئەم هەواڵەیان زانیبوو، بەڵام پێیان رانەگەیاندبوو و ویستیان خۆی هەواڵەکە بزانێت، نەوەك لە خۆشەویستەکەی جیا ببێتەوە و ئەوان ببنە هۆکاری جیابوونەوەیان، تا لە کۆتاییدا خۆی لە دوایین ئەڵقەی بەرنامەی (Keeping Up With The Kradashians) زۆر شتی دەربارەی بابەتەکە درکاند.

خوشکەکەی کیم کارداشیان لە میانەی بەرنامەکەدا وتی» بڕیارم دا گشت هەست و سۆزەکانم بە لاوە بنێم تا ئەو کاتەی منداڵەکەم دەبێت، بۆ ئەوەی هیچ شتێك کاریگەریی نەیگەتیڤ نەکاتە سەر خۆشییەکان، بەڵکو دەمەوێ بەپێی توانا زیاتر گەشبین و پۆزەتیڤ بم، هەروەها رێگا نادەم هیچ کەسێك خۆشییەکانم لێ تاڵ بکات و لە خۆشەویستیم بۆ کچەکەم کەم بکاتەوە، بۆیە بڕیارم داوە کەسێکی بەهێز و خۆڕاگر بم، کاتێك کچەکەم چاو بە دنیا هەڵدێنی، نەوەك گرفتەکان کاریگەریی لەسەر ژیانی بکەن.

کلۆی دەربارەی خۆشەویستەکەی وتی: بە هیچ شێوەیەك پێشبینی رووداني ئەم کارەم نەدەکرد، بۆیە تووشی شۆك بووم و خەریك بوو بڕووخێم، بەڵام کۆرپەکەم ئاشتی و هێزی پێ بەخشیم کە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کچەکەم شانازیم پێوە بکات، هەر ئەویش بوو کە وای کرد دەرفەتێکی دیکە بە خۆشەویستەکەم بدەم، چونکە متمانە بابەتێکی جیایە، بەڵام پێموایە خۆشەویستی لەوانەیە سەر لەنوێ بڕوێتەوە، هەروەها ئەگەر لە دوارۆژدا ئەو راستییە بۆ کچەکەم روون بکەمەوە، ئەوا زۆر لاواز دەبم.